کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-10-2007 0:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**با 2 کاتژمێر لەگەل پکک بین. ... قادر نادر**

کەمالیزم کەلە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردودا، بۆتە بنەمای سەرەکی دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا، بەردەوام هەوڵی توانەوەی گەلانی تری داوە لەنێو نەتەوەی تورکدا، کە چی نە یتوانی گەلانی وەک کورد، ئەرمەن لەناو ببات.

ئیمرۆ لە جیهاندا، بوارێک زیاتر هاتۆتە پێشەوە، کە ئەو دەولەتانەی دەیان ساڵ لەمەو بەر تاوانی کۆمەلکوژی یان زەبروزەنگیان لەبەرامبەر گەلاندا بە کار هێناوە، کەچی میراتگرەکانیان دەبێت باجەکەیان بۆ بدات، ئیتر ئەگەر دەوڵەتی کۆن ئیسلامی بێت و سیستەمی نوێی ئێستاش سۆسیالستی، ئەوا وەک دەولەتی تاوانبار مامەلەی لەگەل دەکرێت، نمونەی کوشتاری بەکۆمەلی جولەکەو ئەرمەن بەدەستی تورکیای لاو نازیەتی ئەلمانیاش باشترین گەواهی ئەو راستیەن.

تورکیا دوای کوشتاری ئەرمەن کە تارادەیەک توانی دەنگی ئەم گەلە کپ بکاتەوە، بەلام بەردەوام لەم مێژووە درێژەدا نەیتوانیوە دەنگی کورد بەتەواوەتی کپ بکاتەوە، هەر بۆیە شۆڕشەکان بەردەوام بوە کەدواییینی شۆرش و خەبات کردنی پارتی کرێکارانی کوردستانە، کە وا نزیک بە 30 سالە خەباتی هەمەجۆر بڕ دەکات.

تورک یەکێک لەسیماکانی ئەوەیە زۆر بەڕاشکاوانە لەبەرامبەر دژەکانی خۆیان ئاخافتن و هەڵسوکەوت دەکەن، وەک بە ئاشکرا دەلێن کێشەی کورد لەکوێ بێت ئێمە دژی دەبین، لەبواری پراکتیکیش هەمان کاریان کردوە، ئیتر ئەگەر قوتابخانەیەک یان ئێزگەیەکی کورد لە لە 80 و 90کانی سەدەی رابردو لەئەورپا کرابێتەوە، ئەوا فشاری دیبلۆماسیان بەکارهێناوە تا دابخرێت، یان ئەوەتاکچە کوردێکی وەک (گۆلان ئاقچی) کە خۆی کاندید کردبوو لەدواین هەلبژاردنی پەرلەمانی سوێدا، تەنیا یەکێک لە دروشمەکانی ئەوەبوو ئەگەر دەربچێت ئەوا کار بۆ مادەی 140 دەکات، تورکە شۆڤینستەکان هەرەشەی مەترسیداریان لێکرد.

ئێستاش تورکەکان بە ئاشکرا هەرەشەی داگیرکردنی باشوری کوردستان و لێدانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن، لەتۆلەی 13 سەربازیان کە بەدەستی گەریلاکانی پ.ک.ک کوژراون، ئامادەن نێشتمانێک خاپور بکەن و ئەو هەناسە ئازادیەی بەرهەم هاتووە تێکی بدەن. لەکاتێکدا ئەوان مانگانە چەندین 13 گەنجی ئێمە شەهید دەکەن و وەنیشتمانێکیان 80 سالە داگیرکردوە کە تەنیا زمانی ئاگرو ئاسن وەلامیان بوە بۆ داخوازیەکانی کورد.

دەولەتی تورک هەموو ڕێگایەک دەگرێتە بەر بۆ هێرش کردن و هەیبەت شکاندن و بەرەو پێش نە چونی سیاسی ئەو دەسەلا تە کوردیەی کە لە باشوری کوردستان دروست بووە.

دیارە راستیەک هەیە کە تورکیا چەندە بە وشەی کورد تێک دەچیت بەلام لە نێو وشەی کوردیشدا، ناوهێنان و چالاکیەکانی پ.ک.ک توشی هیستریای کردوە، بۆیە ئەرکێکی مێژوویە کە هەموومان لە بەرامبەر هەرەشەکانی تورکیا وەک پکک خۆمان نیشان بدەین.

تورکیای کەمالیزم زیاتر لە 30 سالە وشەی تیرۆریستی داوەتە پال جولانەوەی شۆرشگێری پکک، ئەمە جگە لە بونی هەمان هەلوێست لەلایەن زۆر لە دەولەتانی ئەورپی و ئەمریکی... وەلەسەروی ئەمانەش لە شەری نێوان پکک و پارتی و یەکێتی، بە هەمان شێوە ئەم 2 پارتەی دەسەلاتی کوردی تارادەیەک توانیان سیمای راستی پکک بشێوێنن.

وا بریارە بەیانی خۆپیشاندانێک لە ستۆکهۆلم سازبکرێت دژ بە هەرەشەکانی تورکیا، کە یەکێک لەلایەنەکان پکک دەبێت، زۆر کەس و پارتی سیاسی بیانوی سەیرو سەمەرەو لەرزۆکانە، بۆ بە شداری نەکردنیان لە م خۆپیشاندانە دەهێنەوە. راستە پکک لە خۆپیشاندانەکاندا هەولی بە حزبی کردنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەدات، بەلام لە بەرامبەر فشارێکی ئاوای نێو دەولەتی، پێویستە هەمومان لە سەنگەری ئەوەوە بجەنگین، چەندە شەرمەزاریە بۆ مرۆڤێک یان پارتێک خۆی پێ نیشتمانپەروەر بێت ئەم بیانوە کرچ وکالانە بهێنێتەوە، ئەوەی ئازاری من دەدات زۆرن ئەو کەسایەتی و پارت و ڕێکخراوانەی دروشمی زل و وشەی بریقەدار دەردەبرن و خۆیان پێ ئۆپۆزسیۆنی دەسەلاتی کوردیە، کە چی بوێر نین لە پشت خۆپیشاندانیکی 2 کاتژمێری بوەستن کە پکک تیا بێت، بەلام زۆر لایان ئاسایە کە لە خۆپیشاندانی هەندێ پارت بەشدار بن کە پڕلە بەرپرسی گەندەڵ و فایلدارو ئەنفالچی بێت؟؟؟.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.